ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

به هەڵوێستی ئازایانە شەڕ ریسوا دەکات

دوای ئـەوەی دادپرسـی **بـاکرکۆی** دەسـتی بـە لێکۆڵینـەوە لـە قسـەکـانی بولـەنـت ئارسـۆی، ژنـە گۆرانیبێژی ناوداری تورکیا کرد، ناوبراو رایگەیاند: "مـن دەزانـم چـیم گوتـوە، ئـەوانـەی دایکـن لـە مـن تێدەگەن، ئەوەی من گوتم، هەر کەس ناتوانێ بیڵێ، مـن تـابلۆی ترسـم شـکاند، ئـەرکـی هونـەرمـەنـدو رۆشنبیران ئەوەیە پێش چاوی گەل رووناک بکەنەوە"

بولـەنـت ئارسـۆی رەخنـەی لـە **ئیبـرۆ گونـدەشـی** هونەرمەند گرتبوو سەبارەت بەوەی کە گوتبووی "من کوڕی خۆم رەوانەی شەڕ دەکەم با بکوژرێ و شەهید ببێ!! . بولەند گوتبووی بۆ چەند چەپڵەیەک راست نیە ئەم قسانە بگوترێ.

بولـەنـت ئارسـۆی لـە وەڵامـی ئـەوەی کـە سـەردۆزگـەری دادگـەی باکرکۆی دۆزێکی لە دژدا کردۆتەوە، رایگەیاند: " من باسی چارەسەریم کردوە، ئایا ئەمە هەڵەیە؟؟ ئایا ئەمە تاوانە؟! ئەگەر قسەکانی من راست نین با لە سێدارەم بدەن"

جێگەی ئاماژەیە کە بولەنت ئارسۆی لە دیدارێکی زیندووی یەکێک لە تەلەفزیۆنەکانی تورکیادا لەسەرو بەندی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان، گوتبووی' ئەگەر من کوڕێکم هەبێ، رەوانەی سەربازی ناکەم' بەوهۆیەوە دۆزگەری دەوڵەتی تورکیا دەستی بەلێپرسینەوە کردووەو دەیەوێ ئارسۆی راکێشێتە بەردەم دادگە، لە پای ئەو بۆچوونەیدا دادگەیی بکرێ و سزا بدرێ، چونکە سەردۆزگەر پێیوایە ئەمە ناپاکی بەرانبەر بە کێشەی نیشتمانە، بەڵام رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە تێکڕایی پشتیوانی لە بۆچوونەکەی بولەند ئارسۆی دەکەن و پشتیگری خۆیان دیار کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەرتەشی تورکیا بەو قسەیەی ئارسۆی زۆر نیگەران بووەو پێیوایە کە ئەمە کاریگەری نەرێنێ لەسەر هەست و سۆزی سەربازەکان دادەنێ و باوەڕیان بە شەڕکردن نامێنێ و خۆیان لە خزمەتی سەربازی دەدزنەوە!! بەڵام بولەنت ئارسۆی دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو لە قسەکانی خۆی پەشیمان نیەو باوەڕیشی بە بۆچوونەکەی خۆی هەیە.

تورکیا کە لە بەرەکانی شەڕ تێکشاوە، ئیدی بەدوای بیانۆگرتن لە خاوەن هەڵوێستان دەگەڕێ و دەیەوێ تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

' 'فریشتەکان لە خاکدا دەمرن' بەشدار ڤێستڤاڵی ئاباگنە دەکات

سینەماکاری لاوی کورد، هونەرمەند **بابەک ئەمینی** بە کورتە فیلمی "فریشتەکان لە خاکدا دەمرن" دەچێتە فەرەنساو بەشداری لە کێبەرکێی دەکات، ئەمە دووەمین جارە لە کێبەرکێی نێونەتەوەییدا بەشداری دەکات، ئەمجارەیان بەمەبەستی کێبڕکێی نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئاباگنە Aubagne لە وڵاتی فەرەنسا، کورتە فیلمی فریشتەکان لە خاک دا دەمرن نمایش دەکرێت.

بە پێی هەواڵی ئاژانسەکانی ئێران فیلمی "فریشتەکان لە خاکدا دەمرن"، لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئاباگنە Aubagne کە لە رۆژانی ١٠ تا ١٩ی ئازاری ٢٠٠٨ لە شاری ئاباگنەی وڵاتی فەرەنسا بەڕێوەدەچێ، بەشداری دەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە فیلمی فریشتەکان لەخاک دا دەمردن لە دەرهێنانی هونەرمەندی سنەیی بابەک ئەمینییە، بۆ بەشی کێبڕکێی سەرەکی کورتە فیلمەکانی ئەم فیستیڤاڵە خۆی ئامادە کردووەو لەگەڵ کۆمەڵێک فیلمی دیکەدا رکابەری دەکات.

پێشتر فیلمی فریشەکان لە خاک دا دەمردن لە ڤێستتڤاڵی نێونەتەوەیی بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری کردبوو.

تابلۆیکی تەمەن ١١٨ ساڵی بە ٣٠ ملیۆن دۆلار هەراج دەکرێ

تابلۆی **'منداڵ لەگەڵ پرتەقاڵ'** کە ساڵی ١٨٩٠ لە هۆڵەندا نیگار کێشراوە، بریاروایە لە پێشانگەی هونەرە جوانەکانی ئەورووپادا کە لەشاری ماستریختی هۆڵەندا بەڕێوە دەچێ بە نرخی سی ملیۆن دۆلار هەراج بکرێ.

دەگوترێ کە **ڤان گۆگ** لەکاتی گوزەراندنی لەگەڵ خوارزا بچووکەکەیدا چەندین تابلۆی رەنگینی کێشاوە کە تابلۆی منداڵ لەگەڵ پرتەقاڵ یەکێکە لەوان کە خۆشحاڵی تێدا بەرجەستەکراوە.

تابلۆکە لە راستیدا وێنەی منداڵی بازرگانێکی فەرەنسییە کە منداڵەکە ناوی رائول لۆر بووەو ئەو کاتە تەمەنی دوو ساڵانە بووە، لە گوندێکی بیست و پێنج کیلۆمەتری شاری پاریس دا ژیاون، ماوەیەک هونەرمەندی ناودار ڤان گۆگ لەو شوێنەدا ژیاوە.

هەراج کردنی یەکێک لە تابلۆکانی ڤان گۆگ بۆ مانگی ئایار بەرنامەڕێژی کراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تابلۆیکی ئەو هونەرمەندە کە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی رابردوو لە هەراجێکی ٢٥ ملیۆن دۆلاریدا کڕیاری بۆ پەیدا نەبوو.

تابلۆی **کێڵگەی گەنم** کە لە هەراجێکی شاری نیۆیۆرکی ئەمریکادا کە نرخی ٢٥ ملیۆنی بۆ داندرابوو، بێ کڕیار مایەوە، ئەمەش بە دیاردەیەکی ئاوارتە دادەنرێ، چونکە تابلۆکانی بەجێماوەکانی ئەو هونەرمەندە کە لەتەمەنی ٣٧ ساڵیدا خۆی کوشتووە بازاڕیان گەرمەو کڕیاری زۆریان هەیە.

دەگوترێ کە نیگارکێشی ناوداری هۆڵەندی چەند مانگ بەر لە خۆکوشتنی، واتە لە ساڵی ١٨٩٠ دا ئەم تابلۆیەی کێشاوە، کە یەکیکە لە تابلۆ دڵگیرو رەنگینەکانی ئەو هونەرمەندە ناوداره، ئێستا دوای ١١٨ ساڵ لە هەراجێکی ئاشکرادا کە نرخی سی ملیۆن دۆلاری بۆ لەبەرچاو گیراوە دەخرێتە پێش چاوی کڕیارانەوە، هەرچەندە تابلۆکانی ڤان گۆگ کڕیاری زۆری هەیە، بەڵام نازاندرێ بەو نرخە داواکاری بۆ پەیدا دەبێ یان نا؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی بی بی سی

نیلۆ نەشتەرگەری بۆ دەکرێ

نیلۆفەر ئەکبال گۆرانیبێژی ناسراوی کورد لە پێوەندییێکی تەلەفۆنیدا بە ئاژانسی هەمدەمی راگەیاندووە کە رۆژی ٢٥-٢-٢٠٠٨ لە نەخۆشخانەی یاشامی شاری ئیستەنبۆل دا نەشتەرگەری بۆ کراوە، خۆشبەختانە نەشتەرگەریەکەی سەرکەوتوو بووە، دوایی دوو رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گەڕاوەتەوە ماڵێ، ئێستا رەوشی جێگێرەو بەرەو چاک بوونەوە دەڕوات.

نیلۆفەری سترانبێژ چەندین جار سەردانی باشووری کوردستانی کردووەو کۆنسێرتی تایبەتی سازکردووە. ئەو هونەرمەندە بە هەر سێ زاراوەی کرمانجی و سۆرانی و زازاکی گۆرانی دەچڕێ، بەوهۆیەشەوە جەماوەرێکی زۆری بۆخۆی و بەرهەمەکانی پەیدا کردووە. هەروەها لە باشووری کوردستان بە نیلۆ ناسراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەفتەنامەی **رۆژی گەل** زانیویەتی کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوەیی کورد، نیلۆی هونەرمەند، رۆژی ١٥-٣-٢٠٠٨ کۆنسێرتێکی نوێ لە شاری میونخی وڵاتی ئەڵمانیا ساز دەکات، رۆژی ٢٢ی ئازار لە شاری ڤوپێرتال و رۆژی ٢٨ی ئازاریش لە شاری هامبۆرگ ئاهەنگ دەگێڕێ.

نیلۆی ٩ ئەلبومی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا کۆنسێرتی سازکردووە، بەشداری لە دەیان پرۆگرامی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی تورکی، فەرەنسی، ئەڵمانی و کوردیدا کردووە. بەتایبەتیش هەرەشەکانی تورکیا نەیترساندووەو بەشداری لە تەلەفزیۆنی مەد دا کردووە.

وەرزی بەرگری لە ئابروی نیشتمان

جەوهەر میراودەلی

دیسان وەرزی گەلەکۆمیی دوژمنانە
کوردستان شەر داییۆشیوە ،
لەشکری زولم ، لە دەرگای ماڵەکانمان
ئەدات
چیا ،خۆی لەسوراوی خوێن گرتووە
دیسان ، گەریلا
لەبەر تیشکی چرای شەهادەت دا
خۆیان بۆ یاراستنی نیشتمان نمایش
کردووە ..
دیسان خەنە خوین بەندانی کوردستانە
رۆژی هەشری زەردەشتیانە
درەختەکان گولی شەهادەت ئەگرن
وەرزی بەرگری لە ئابروی نیشتمان و
رەتکردنەوەی چۆکدادانە .
دیسان کوردستان ژانی گرتووە
.سەرهەلدانیکی نوی بەریوەیە
دیار بەکر گری لی ئەباری و
سلیمانی بە یێوەیە
مهاباد فیشەکدانی بەستوە و
قامیشلۆ سلۆفان ئەچری و
بۆ بەخۆدان چاو لەری یە .
دیسان سۆزانیەکانی ئەنقەرە
ئەیانەوی جیهان بکەن بە گۆریک و
کوردستانی تیا بخەوینن ،
ئەیانەوی کوردان لەخاڵ بدەن و
رۆح لە جەستەمان هەڵچۆڕینن.
دیسان خیانەت،
بەخۆی و خەنجەری ژەهراوی دەستیەوە
لە یشتەوەی نیشتمان راوەستاوە ،
جگە لەزمانی ملکەچی و خۆفرۆشی
یەیفیکی بۆ کوردستان یی نەماوە.
کوردستان
ئەستیرەیەک نەما، سکالای تۆ نەبیستێ
درەختیک نەما
گوێی لە هاواری تۆ نەبوبێ .
لوتکەیەک نەما
تەوار و هەلۆی لێ نەنیشتبێ .
کوردستان، من نزایەک بۆ خوا ئەکەم
ئەو جهانەی کە تۆ قبول ناکات
رەبی لافاوی نوحی تیا هەلسێ.
گەریلا .. یێشمەرگەکانی ئازادی
هەموو ، ریگاکانی رزگاریمان
لە شامی شەریفی ، قەندیلی ئیوەوە دێن
قاوانی گولەی دەستی ئیوە
لە دلی ئێمەدا جێ ئەمێنێ و
لامان ئەبنە سۆز و بەڵێن.
لوتکە بەدەم گێرانەوەی
داستانەکانی ئیوەوە خەو ئەیباتەوە
مێژوو، یێشوازی و فەرموو لە ئیوە ئەکاو
ئیرادەی یۆلاین و
سەربەرزی ئیوە ئەنوسیتەوە.

jawharmirawdali@yahoo.de

دەست خۆش! بەڵام تورکیا نیازی داگیرکردنی باشووری کوردستانی هەیە

سەرەنجام ئەمڕۆ ٢٦-٢-٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەکی دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیای بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، بەوهۆیەوە خۆی لە گەلی و گازاندەی کوردستانیان رزگار کرد، من لەلایەن خۆمەوە یەکێک بووم لەوانەی رەخنەم لە هەڵوێستی پەرلەمان هەبوو، ئێستا کە بە راگەیاندراو هەڵوێستی پێشانداوەو لەشکرکێشی تورکیای ریسوا کردووە، من دەست خۆشی لێدەکەم، بەڵام دەبێ هەموومان ئەم راستیەمان لەبەرچاو بێ کە تورکیا بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی کردۆتە بیانۆ، دەنا نیازی داگیرکردنی باشووری کوردستان و لەباربردنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمانی هەیە، دەیەوێ لەژێر پاساوی راوەدوونانی تیرۆر بێتە کوردستان، خۆی تێیدا جێگیر بکات و نەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەمریکاو ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەرژەوەندخوازیش وەک ئێستا پشتیوانی لێبکەن، لە داهاتوودا هەڵمەتێکی دیکەی چەواشەکاری بەڕێوە دەبات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەریلاکان چوونەتە نێو شارەکانی باشووری کوردستان و لەلایەن حزبەکانەوە داڵدە دراون!! ئیدی پێشڕەوی دەکات و بەرەو شارەکان دێ، جا بۆ ئەوەی نیازە گڵاوەکانی سەرانی تورکیا پوچەڵ بکرێنەوە و پاشەکشە بە لەشکری داگیرکەر بکەین، دەبێ:-

١- چیتر خۆمان لە پەنای خەونی تراویلکەیی نەشارینەوە، پێمانوا نەبێ کە تورکیا تەنیا بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکە دێ و دوایی دەگەڕێتەوە، راستیەکەی ئەوەیە کە تورکیا خەون بە گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ دەبینێ، پارتی دادو گەشەپێدانی ئەردۆگانیش دەیەوێ میساقی میللی ئەتاتورک جێبەجێ بکات

٢- هێزەی پێشمەرگەی کوردستان دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا رابوەستێ، بۆ بەرخۆدان و بەرگریکردن گیانبازی بنوێنێ.

٣- خەڵکی کوردستان خۆیان بە خاوەنی نیشتمان بزانن و بوێرانە بێتە مەیدان، هێرش و لەشکرکێشی تورکیا ریسوا بکەن، بەهەر شێوازێک بۆیان دەکرێ دژایەتی لەگەڵ تورکیا بکەن، کاڵای تورکی بایکۆت بکەن و نەیکڕن.

٤- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پەیداکردنی هاوسۆزی زیاتر و شەرمەزارکردنی تورکیا هەڵمەتێکی گەورە دەست پێبکات، شاندی باڵا رەوانەی وڵاتان بکات و داوایان لێبکات تا دژ بە هێرشی دوژمنکارانەی تورکیا هەڵوێست بنوێنن.

٥- بەتووندی رەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا بگیرێ، هەڵمەتی ریسواکردن و شەرمەزارکردنی سیاسەتی ئەمریکا دەست پێبکرێ.

رێکار ئەحمەد
سکرتێری گشتی
حزبی رزگاریی کوردستان
٢٦-٢-٢٠٠٨
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com